# مەوواددی موخەددیر

# ( مادده بێهۆشکەرەکان )

# و

# بڵاوبوونەوەی لە ئێران

بەفرانباری 1380( 2002)

مهدی بدری

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

بەپێویستی دەزانم:

ڕێزو سوپاسی خۆم, ئاڕاستەی ئەو کەسانە بکەم, کە لە دەرکردنی ئەم بەرهەمەدا, هاوکاریيان کردم.

هەروەها سوپاسی کاك "تاهیر محمودی"دەکەم بۆ کاری پیت چنینی بە کامپیوتەر

مهدی بدری

# پێشکەشە:

به گیانی پاکی هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر
کاك سەید سەلامی عەزیزی

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

# پێرست :

پێشەکی 5

**بەشی یەکەم: مەواددی موخەددیر** 8

مێژووی بەرهەم هێنانی مەواددی موخەددیر 11

ئەو ناوچەو وڵاتانەی کە مەواددی موخەددیر بە عەمەل دێنن 16

مافیاو تاقیگە شیمیاییەکان 18

جۆرەکانی مەواددی موخەددیر 22

شوێنەوار دانانی مەواددی موخەددیر لە سەر لەش 26

قۆناغەکانی بەکارهێنان و تووشبوون بە مەواددی موخەددیر 28

بەکارهێنانی دەرمانە پزیشکییەکان 30

**بەشی دووهەم: بڵاوبوونەوەی لە ئێران** 33

ڕادەی بڵاو بونەوەی مەواددی موخەددیر لە ئێران 36

هۆیەکانی ئالوودە بوونی لاوان بە مەواددی موخەددیر 40

نەخشی کۆماری ئیسلامی لە بڵاو کردنەوەو پەرە پێدانی مەواددی موخەددیردا 42

ئامانجەکانی ڕێژیم لە بڵاو کردنەوەی مەواددی موخەددیر

دواین وتە

# پێشەکی!

مەوواددی موخەددیر ژەهرێکی ماڵوێرانکەرە, کە لە ماوەی 21ساڵی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا, بە شێوەیەکی پان و بەرین لە تەواوی وڵاتی ئێران دا بڵاو کراوەتەوەو شوێنەواری لە سەر ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی ئێران داناوە. بە داخەوە ئەو بەڵایە تەواوی سنوورەکانی بڕیوەو لە وڵاتێکی بەرینی وەکوو ئێران دا, بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی بڵاو دەبێتەوەو بەشێکی بەرچاو لە لاوانی وڵاتەکەمان کەوتوونەتە داوی و بە تایبەتی لە کوردستان بە بێ هیچ مەترسییەك لە لایەن قاچاغچییەکان و عەوامیلی ڕێژیمەوە, بڵاو دەبێتەوە و هیچ سنوورێك بۆ بەکار هێنانی لە نێو لاوان دا نییە. بە داخەوە تەنیا لە چوارچێوەی دروشم لە گەڵ ئەو بەڵایە موبارزە دەکرێ و ڕێژیم بۆ خۆی ڕێگا خۆشکەری ئالوودە کردنی لاوان بەو مەوواددەیە.

لە مێژە لە هەوڵی ئەوەدابووم کە لێکۆڵینەوەیەك لە سەر مەوواددی موخەددیر بکەم و ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەرچەند کورتیش بێ, بخەمە بەر دەستی هاونیشتمانانی خۆشەویست تا بەڵکوو لەو ڕێگایەوە خزمەتێکم کردبێ, هەر بۆیە قۆڵم هەڵ ماڵی و بە موتالا کردن لە سەر مەوواددی موخەددیر و لێکۆڵینەوە لە سەر کەسانی تووشبوو بە مەوواددی موخەددیر و ئەو کەسانەی کە سەرو کاریان لە گەڵ مەوواددی موخەددیر دا بووە.



*promoting kurdish language*
© *www.dengekurd.com, 2003*

دوای چەند مانگ ئەم بەرهەمەم ئامادە کرد.کە لە دوو بەش دا پێشکەش دەکرێ, بەشی یەکەم لە سەر ناسینی مەواددی موخەددیر و شوێنەواری ئەو مەوادده لە سەر لەش و چەند بابەتێکی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ مەواددی موخەددیر دایە. بەشی دووهەم کە پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە, ڕادەی بڵاو بوونەوەی مەوادو هۆی تووش بوونی لاوان و هەروەها نەخشی کۆماری ئیسلامی و ئامانجەکانی ئەو ڕێژیمە لە بڵاو کردنەوەی مەواددی موخەددیر لە ئێران دا, دەخەینە بەر باس تا گەلانی ئێران بە تایبەتی خەڵکی کوردستان زۆرتر ئاگاداری سیاسەتی چەپەڵ و دوور لە هەموو ئینسانییەتی کۆماری ئیسلامی بن.

هیوادارم هاونیشتمانی خۆشەویست بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە لە زیانەکانی تووشبووان بە مەواددی موخەددیر زۆرتر ئاگادار بن, و لاوان لەو مەترسی‌یە ئاگادار بکەنەوە. با هەموومان پێکەوە بۆ وریا کردنەوەی لاوان و دژی ئەو سیاسەتە نائینسانی‌یەی کۆماری ئیسلامی تێبکۆشین و عەوامیل و بەڕێوەبەرانی ئەو سیاسەتە ڕیسوا کەین.

**مهدی بدری**

# بەشی یەکەم:

# مەوااددی موخەددیر

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

# مێژووی بەرهەم هێنانی مەوادی موخەددیر

مــەوادی موخەددیــر (مــادە بێهۆشــکەرەکان) مــەوادێکی شیمیایین, کە بەکار هێنانــیان دەبێــتە هــۆی وەنــەوز هــاتن و خــەو لێ کــەوتن و بێ ئاگایی و هەروەها نەهێشتنی ئێش و ئازارو بەرە یەرە, شوێنەوار لە سەر ئەعساب دادەنێ و لاواز و بێ هەســتیان دەکا. بەرهەم هێنانی ئەو مەوادە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا کە مرۆڤ بە مەبەستی جۆراوجۆر, کەڵکی لێ وەرگرتوون. بەو شێوەیە کە لە سەرچاوە مــێژووییەکان دا هــاتووە, کــە ئــەویش سەرچــاوەیەکی سومریەکانە, خەشخاش چوار هــەزار ســاڵ پــێش زایــین بــە ڕووەکــی بەختــیاری ناسراوە, هەروەها لە " ئەلیاسەو ئۆدیســە" دا کە هەشت سەد ساڵ پێش زایین نووسراوە, هاتووە کە تریاك بە کۆنترین ماددەی موخەددیر دەژمێردرێ کە ئینسان بەکاری هێناوە.

ئینســان لــە کۆنەوە تریاك, بەنگ و کۆکائینی ناسیوەو تریاکیان بە مەترسی‌ترین مــاددەی موخەددیــر زانیوە. یونانی‌یەکان ڕووەکی خەشخاشیان بە باشی ناسیوە و تا ســەردەمی ئێستاش لە کاروباری پزیشکی‌دا بۆ چارەسەری سك چوون, کەم کردنەوەی ئــێش و ئــازارو هــەروەها دەرمــانی بێ خەوی بەکاریان هێناوە. ئێستاش لە ڕووەکی خەشخاش چەند ماددەیەکی گرینگی دیکە وەك: مۆرفین و کۆدئین دروست دەکرێ کە ئەوانیش لە کاری پزیشکی‌دا, جێگای تایبەتی خۆیان هەیە.

ڕووەکـی خەشـخاش لـە ڕوسـیە, یوگسـلاوی, ئـێران, هیـند, یونـان, تورکـیە, پاکسـتان, ئەفغانسـتان و چەند ولاّتێکی تر دەچێنرێ و هەر ولاّتێکیش بۆی هەیە بە پێی پێداویستییەکانی خۆی لە کاروباری پزیشکی دا ئەم گیایە بچێنێت و بەرهەمی بێـنیٚ. دیـارە لـە زۆربەی ولاّتانی دنیا چاندنی خەشخاش قەدەغەیە. بەو حالّەش بە شێوەی نهێنی و نا قانوونی دەچێنرێ.

ڕووەکـێکی تـر کـە لە سەردەمی زۆر کۆنەوە ناسراوەو تەنانەت بەکاریش هاتوە, حەشـیش یـا بەنگـە, میسرییەکان وەك گیراوەیەك بۆ شتنەوەو هەو کردن, بەکاریان هێـناوە. چـینییەکانیش پـێش زایـین ئـەو ڕووەکـەیان ناسـیوەو هـەروەها هێندووڕاسـەکانیش بـەکاریان هێـناوە. بـە پـێی سەرچـاوەکان لـە سەدەی دوازدەی مـیلادی فـیدایەکانی فیرقـەی ئیسـماعیلی لـە ئۆرووپا بە حەشاشین ناسرابوون. بەو مانایـە کـە فیرقـەی ئیسـماعیلی بـۆ جـێ بـەجێ کردنی ئەرکە مەزهەبییەکانیان, حەشیشـیان بەکار هێناوەو دواتریش "مارکۆپۆلو" لە ڕاپۆرتێك دا باسی کردوە. ئەم فیرقەیـە بـە ڕێـبەری حەسـەن سـەباح لـە ئـێران سـەری هـەڵداوەو گۆیـا بۆ ئەوەی فیدایەکانی کەمتر بیر لە چارەنووسی کارەکانیان کەنەوە حەشیشیان بە کار هێناوە.

وەك دەرکـەوتوە لـە پێش دا ئەم ڕووەکە لە ئاسیای نێوەڕاست بە عەمەل هاتوەو پاشـان زۆر لـە ولاّتـانی جـیهانی گـرتۆتەوە وەك: هیـند ,لوبنان, مکزیك, تایلەند, مەراکیش, ئەفغانستان, پاکستان, نیپالّ و ئەمریکای باشوور.




*promoting kurdish language*
*© www.dengekurd.com, 2003*

داری کۆکـا, کـە کۆکائیـنی لێ دروسـت دەکرێ, بـە شێوەیەکی زۆر بەربلاو لە ئەمـریکای باشـوور بـە تایـبەتی پـێرۆ و بولیوی و حەوزەی زنجیرە چیاکانی ئەندێز, هەیـەو لـە بـەر ئاوو هەوای لە بار بۆ ئەو دارە خەڵکی ئەم ناوچەیە هەر لە کۆنەوە, ئەم دارەیان ناسیوەو گەڵای ئەم دەرختەیان بەکار هێناوە.

هـەروەها ڕووەکـی "قـات" یـش, لە کۆنەوە ناسراوە, ئەسکەندەری مەقدۆنی لە میسـر بـۆ چارەسـەر کـردنی نەخۆشی سەربازەکانی وەك دەرمان بەکاری هێناوە. لە سـەدەی شـازدەهەم دا بـەو شـێوەیە کە مێژوو نووسە عەرەبەکان باسیان کردوە ئەم ڕووەکـە لـە عەدەن و یەمەن و حەبەشە چێنراوەو هەر لەوێوە بۆ وڵاتانی دیکەدا بلاو بۆتەوە.

قـات ئێـنرژی دەری سیسـتمی عەسـەبیـە و تا ئێستا لە لایەن هیچ وڵاتێکەوە قەدەغـە نەکـراوە. ئـەم ڕووەکـە جیا لە قات چەند ناوی دیکەی هەیە کە بریتین لە: چای ئەفریقایی, چای عەرەبی, کفتا, کات, میرا, مۆرا, میونجی, تاست, وارین ... هتد. هەروەها لە یەمەن جعشنی, صبری, صودی, صرامیی پێ دەڵێن.

# ئەو ناوچەو وڵاتانەی کە مەواددی موخەددیر بە عەمەل دێنن

بە پێی هێندێك بەڵگەو سەرچاوەی باوەڕپێکراو, مەواددی موخەددیر لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بەرهەم دەهێنرێ و پاشانیش بۆ وڵاتانی دیکە ڕەوانە دەکرێ. ئەو کەسانەی کە لە کاری چاندن و بە عەمەل هێنان و قاچاغی مەواددا دەستیان هەیە, پارەیەکی زۆریان وە دەس دەکەوێ هەر بۆیە ئامادەن تەنانەت گیانی خۆشیان لەو پێناوەدا لە دەس بدەن.

مەواددی موخەددیر مەترسییەکی گەورەی سەردەمی ئێمەیەو بە شێوەیەکی زۆر ترسناك لە نێو گەلانی دنیادا پەرەی ئەستاندوەو هەڕەشە لە داهاتووی مرۆڤ دەکا. هەر بۆیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێش گرتن لە بەرهەمهێنانی مەوادو هەروەها کڕین و فرۆشتنی ئەو مەوادده هەیئەتێکی کۆنترۆڵی پێك هێناوە, تا بە هاوکاری وڵاتانی دنیا پێش بە بەرهەمهێنانی بێ بەرنامەو بەکار هێنانی لە نێو خەڵك بگرێ. بە داخەوە هێندێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و هەروەها ئەو وڵاتانەیکە لە باری ئابووریەوە, لاوازن بەرنامەیەکی ئەوتۆیان بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ بەرهەمهێنان و قاچاخ و تەنانەت بەکار هێنانی لە نێو کۆمەڵ دا نییەو ڕێگایان بۆ مافیاو قاچاخچییەکانی مەواددی موخەددیر خۆش کردوە.

*promoting kurdish language*
© www.dengekurd.com, 2003

بە پێی ڕاپۆرتی کومیسیونی کۆنترۆڵی مەواددی موخەددیر 170 وڵات لە گەڵ دیاردەی مەواددی موخەددیر بەرەو ڕوون و 180 میلیۆن کەسیش مەواددی موخەددیر بەکار دێنیٚ.

مافیا تەشکیلاتێکی تەواو نهێنی و قاچاخە کە لە تەواوی وڵاتانی دنیادا دەستی هەیەو تەنانەت زۆر جار بەرپرسانی دەوڵەتی بە تۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل لە مافیا تاوانبار دەکرێن. بۆ وێنە دەتوانین ئیتالیا, کۆلۆمبیا و تورکیە ناو بەرین, کە مافیا لە نێو دەزگا دەوڵەتی‌یەکانی ئەو وڵاتانەدا, نفووزی کردوەو زۆر جار بە هەڕەشە کردن لە بەرپرسانی دەوڵەتی ڕێگایان بۆ بەرەو پێش بردنی قاچاخ خۆش کردوەو زۆر جاریش دەستی داوەتە تیرۆر و پێك هێنانی ترس و وەحشەت لە نێو هێزە دەوڵەتی‌یەکان دا.

تەواوی ئەو ناوچەو مەڵبەندانەی کە, مەواددی موخەددیر بەرهەم دێنن لە ژێر کۆنترۆڵی مافیا دان و بۆ پاراستن و بەربەرەکانی لە گەڵ هێزی ئەمنییەتیی دەوڵەتەکان, چەك و تەقەمەنی و تەنانەت مووشەك و هێلی کۆپتری بۆ قاچاغچی‌یەکان تەرخان کردوە. هەر بۆیە لە زۆر لە وڵاتانی دنیادا, قاچاغچی‌یەکان لە هێزەکانی دەوڵەتی بە تواناترن . مافیا وڵاتی دواکەوتوو کە ئەمنییەتی‌یان کەمترە یان شەڕی نێو خۆیی تێدایە, بۆ بەرهەم هێنانی مەواددی موخەددیر هەڵدەبژێریٚ و کەرەستەی پیویست بۆ ئەو کارە لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا پێك دێنیٚ.

ئەفغانستان یەکێك لەو وڵاتانەیە کە, بە شێوەیەکی بەرچاو خەشخاشی لیٚ دەچێنریٚ و لەو پێوەندیەدا, بیرنارد فراهی سەر بە کۆمیسیونی کۆنترۆڵی مەواددی موخەددیر, لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵیٚ: یەك لە سێی ئەفیوون و تریاکی دنیا لە ئەفغانستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تالیبان بەرهەم دیٚ. تەنانەت لە کابولی پایتەخت تاقیگەی تایبەتی بۆ پوختە کردنی هێروئین و ئەفیوون دامەزراوە و سەرانی تالیبانیش باجی یەك لە سەر دەیان لە سەر داناوە.

هەر بەم بۆنەیەوە, "روبرستون" هەواڵنێری تەلەفزیۆنی CNN ڕوو لە وەکیل ئەحمەد متوەکیلی وەزیری دەرەوەی تالیبان دەکاو ئەویش لە وەلاٚم دا دەڵیٚ: شەڕی نێوخۆیی وڵات ژێر

خـان و سـەرخانی ئابووریی ولاّتەکەمانی تێك و پێك داوە و , ئەو سزایانەش کە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بە بۆنەی " اوسامە بن لادن" ەوە بە سەرماندا سەپاندوویەتی ئەوەندەی تر باری ژیـانی دانیشتووانی ناوچەی ژێر دەسەلاّتی حکومەتی خراپ کردوە. هەر بۆیە تا بەدیلێك بۆ جووتیاران نەدۆزینەوە ناتوانین ڕێگەی بەرهەم هێنانی ئەو مەوادانەیان لیّ بگرین.[1]

ڕۆبرتسون لەو گەشتەی دا, ڕوو لە پێدەشتەکانی قەندهار دەکاو لە گەلّ موحەمەد ڕەئوف کـە جووتـیارێکی لەمێژینـەی ئـەو ولاّتەیـە قسـە دەکا. جووتیارەکە, لە وەلاّمی پرسیاری تایـبەت بـە خەشـخاش دا دەلّـیّ: مـن لـە گـەنم و برینج مانگانە تەنیا 30 دۆلارم دەست دەکەوت. بەلاّم ئێستا لە سایەی خواو سەری ئێوەوە, لەم سەنعەتە نوێیەدا مانگانە بە 10 هـەزار دۆلاریش نالّێم پوولّ. سالّی پێشوو پتر لە 30 هەزار دۆلارم بە دەست هێناوە ... جا برینجی چی و گەنمی چی!

بـە پـێی سەرچـاوەی نەتـەوە یەکگـرتووەکان سـالّی 1996 ئەفغانسـتان 4600 تۆن مـەوادی موخەددیـری بەرهـەم هێـناوە و لـە سالّی 1998 یش دا تالیبان 3200 تۆنی بەرهـەم هێناوە. هەروەها بە پێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان تالیبان سەرپەرستی 64 هەزار هکتار زەوی دەکرد کە خەشخاشی لیّ دەچێنرا. هەرچەند تالیبان ڕای گەیاندوە کە ڕێگای بە بەرهـەم هێـنانی مەوادی موخەددیری نەداوە. بەلاّم بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەلّ نەگرتوە و

---

[1] دیارە ئێستا حکوومەتی تالیبان لە سەر کار نەماوە, هێشتا ڕوون نییە کە حکوومەتی نویّ دەتوانیّ پێشی بەرهەم هێنانی مەوادی موخەددیر بگریّ .

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

داوای لــە جووتیاران نەکردوە لە چاندنی ئەو مەوادده خۆ بپارێزن. بە پێی ئامارێك کە هەیە نیزیکەی 200 هەزار کەس لە چاندنی خەشخاش دا کاریان دەکرد.

موحەمــەد قاسم حــیکایەتی هاتــنی هــێرۆئین بــۆ وڵاتەکەی( ئەفغانستان) بەو شێوەیە دەگێرێــتەوە: ئــەم بازرگانی‌یــە لــە گــەڵ داگــیر کــردنی ئەم وڵاتە لە لایەن سۆڤیەتەوە هاتە ئەفغانستان و سیا (CIA ) لەچاندنی یەکەمجاری ئەم ماددەیە بەرپرسە. ئەگەرچی ئەم قسەیە بەڵگەیــەکی مــاددی لە سەر نیە, بەلاّم واقعیەتی سیاسی و ئاکامی شەڕی نێوان دوو زلهێزی ئەو سەردەمە بوو کە ڕێگای لە بەکار هێنانی ئەم چەکەی نەدەگرت.

ناوچــەی ڕێرەوی خەیبەر کە دەکەوێتە سەر سنوری دوو وڵاتی پاکستان و ئەفغانستان کە بــە ناوبــانگترین شــوێنی بەرهــەم هێنانی مەواددی موخەددیرە کە 70٪ هێرۆئینی ئۆرووپا دابــین دەکــات. بــە پێی دوایین ڕاپۆرتیش ئاستی داهاتی ئەفغانستان لە مەواددی موخەددیر ســالانە دەگاتــە نیزیکەی 35میلیارد دۆلار( دەوڵەتی تالیبان) و هەر کیلۆیەك 40 تا 80 دۆلاری ئەمــریکایی‌یە. ئــەوە لــە حالــێکدایە کە یەك کیلۆ گەنم بە چارەکە دۆلارێکە ( 25 سنت).

یەکــێکی دیکــە لە ناوچە بە ناوبانگەکانی بەرهەم هێنانی مەواددی موخەددیر, ناوچەی ســێ گۆشــەی ئالــتونی‌یە. کە کوتۆتە نێوان سنووری سێ وڵاتی بیرمە, لائوس و تایلەند کە یەکێك لە بەناوبانگترین ناوچەکانی بەرهەمهێنانی ئەفیون لە ئاسیایە. هەر لە سەر سنووری بــێرمەو تایلــەند, ئەفــیون دەکــەن بە مۆرفینی تفتی و دواتریش ڕەوانەی بانکۆك پایتەختی تایلەند دەکرێ و پاشان ڕەوانەی جیهانی دەرەوە.

حکومــەتی تایلەند و وڵاتانی ناوچە ناتوانن سنوورێك بۆ ئەم کارە دابنێن. لە بەر ئەوەی کــە مافــیا لــەوێ نفــووزی زۆرە و خــەڵکی ناوچــەکەش لەم ڕێگایەوە پوولێکی زۆریان دەس دەکەوێ. هەر بۆیە ناچنە ژێر باری دەوڵەت و درێژە بە بەرهەمهێنانی ئەو مەوادده دەدەن.



**پێدەشتەکانی قەندهارو چاندنی خەشخاش**

لە وڵاتانی ئەمریکای باشوور بە تایبەتی کۆلۆمبیا, پێرۆ و بۆلیوی, بە شێوەیەکی بەرچاو لە داری کۆکا, کۆکائین بە عەمەل دێ و بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتانە, لە ڕێگای بە عەمەل هێنانی کۆکائینەوە, بەڕێوە دەچن. هەروەها ماری جوانا کە هەمان حەشیشەو بە شێوەیەکی دیکە بە عەمەلی دێنن, لەو وڵاتانەدا بە تایبەتی کولۆمبیا بەرهەم دێ و بۆ وڵاتانی ئەمریکای باکوور و ئورووپا ڕەوانە دەکرێ. وڵاتانی دیکەی ئەمریکای باشوور وەك: برێزیل, جاومائیکا, پاراگوئە و هەروەها مێکزیك لە ئەمریکای باکوور, بە مەبەستی کاری پزیشکی مەوادی موخەددیر بەرهەم دێنن. هێندێ جاریش بە شێوەی نهێنی ئەو کارە دەکرێ و بۆ وڵاتانی دیکە ڕەوانە دەکرێ . بۆ وێنە لەو وڵاتانەدا لە ساڵی 1980دا

*promoting kurdish language*
© *www.dengekurd.com, 2003*

بـە شـێوەی یاسـایی 1750 تـۆن مـەواددی موخەددیـر بەرهەم هاتوە و لە هەمان ساڵ دا نیزیکەی 2200 تۆن مەواددی موخەددیر بە شێوەی نهێنی و قاچاخ بەرهەم هاتوە.

وڵاتـانی دیکە کە مەواددی موخەددیر بەرهەم دێنن بریتین لە: هیند, پاکستان, تورکیە, لوبـنان و ئـێران. لـە لوبنان حەشیش بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو, بە عەمەل دێ و بۆ وڵاتانی ئەمریکایی و ئورووپا ڕەوانە دەکرێ. لە ئێرانیش دا لە شارەکانی بۆناب, مەلیکان, مەراغەو بەشـێکی سـەقز, شـادانە ( حەشـیش) دەچـێنن, کـە بەشێکی لە ئێران مەسرەف دەکرێ و بەشـێکی دیکـەی ڕەوانـەی وڵاتـانی دراوسـێ و وڵاتـانی عەرەبی دەکرێ. بە گشتی داهاتی مـەواددی موخەددیـر لـە 85 میلـیارد دۆلاری سـاڵی 1998 , ئێسـتا گەیشتۆتە 500 میلیارد دۆلار ( 2000) و پێشبینی دەکرێ تا ساڵی 2015 بگاتە 7 تریلیۆن دۆلار!

# مافیاو ــــــــــ

# تاقیگە ــــــــــ

# شیمیاییەکان

تائێستا, مێژوویەکی کورتی مەواددی موخەددیر و ئەو ولاّتانەی کە ڕووەکی سروشتی ئەم مەوادده, دەچێنن بە کورتی باس کراوە. لەم بەشەدا چۆنیەتی ئاڵ و گۆری مەواد و کاری شیمیایی لە سەر ڕووەکەکان , بە مەبەستی گۆرینیان بە مەواددی بەهێزتر دەخەینە بەر باس. بەشێك لە مادده سروشتیەکان پێویستییان بە کاری شیمیایی هەیە تا بە ماددەی جۆراوجۆر بگۆردرێن. بۆ ئەم مەبەستە قاچاخچی‌یەکان تاقیگەی تایبەتی و کەرەستەی پێویستیان بۆ ئەو کارە تەرخان کردووە. ئەو تاقیگەیانە لە شوێنە دوور کەوتووەکان دادەمەزرێ لە بەر ئەوە لە چاوی دەوڵەتەکان دوور بێت. مافیا بۆ پێك هێنانی ئەو تاقیگەیانە کەرەستەی زۆر باش تەرخان دەکاو بۆ پاراستنی ئەو شوێنانە لە چەك و چۆڵی پێشکەوتووی نیزامی کەڵك وەردەگرێ. هەروەها زۆربەی تاقیگەکان بگۆرە( سیارە) لە بەر ئەوەی شوێنەکەیان نەدۆزرێتەوە هەر ماوەیەك لە شوێنێك دەبن.

بۆ گۆڕینی ئەم مەوادده بە مەواددی دیکە پێویستیان بە چەند ماددەی تایبەتی هەیە وەك: "ئەسید ئەنهایدرید" و "کلۆریدی ئەستیل" کە بۆ گۆڕینی ئەفیون بە هێرۆئین کەڵکی لێ وەردەگرن. هەروەها "پرمنگنات پتاسیوم" کە بۆ دروست کردنی کۆکائین بە کاری دێنن. ئەو مەوادانەش بە شێوەی قاچاخ لە ولاتێك بۆ ولاتێکی دیکە ئالۆگۆر دەکرێ. بۆ وێنە لە 6 مانگی یەکەمی ساڵی 1999 سێزدە لۆری "پرمنگنات پتاسیوم" کە نیزیکەی 1000 تۆن دەبوو بە هۆی پۆلیسی چینەوە دەستی بە سەر دا گیرا. هەروەها 80 تۆنی دیکە لەو مەوادده کە لە چینەوە بۆ ونوزووئیلا گواسترابۆوە, لە لایەن پۆلیسی ئەو ولاّتەوە دەستی بە سەردا دەگیرێ. هەر لەو پێوەندیەدا , بلژیك, ئەڵمان, هۆڵەند و ئینگلیس دەستیان بە سەر ئەو جۆرە مەوادانەدا, گرتوە کە بۆ ولاّتانی ئەمریکای باشوور دەچوو.




*promoting kurdish language*
*© www.dengekurd.com, 2003*

زۆربـەی تاقـیگە نهێـنی‌یەكانی ئۆرووپـا, كەوتوونەتـە سـەر لێواری وڵاتەكانی ئیتالیاو فەرانســە, لە دەریای مەدیتەرانە. هەر وەك پێشتر باس كرا لە كابولی پایتەختی ئەفغانستان تاقـیگەی ئاشـكرا هـەبوو كە باجیان بە تالیبان دەدا. لەو تاقیگەیانە, لە ترياك, ئەفیون لە ئەفـیون مۆرفـین و لە مۆرفین, هێرۆئین دروست دەكرا. بە پێی بەراوردێك كە كراوە لە 100 كیلۆ تریاك , 1 كیلۆ هێرۆئین ساز دەكرێت.

بـە دوای بەرهــەم هێنانی مادده جۆربەجۆرەكان لە تاقیگەكان, بە سەرپەرستی مافیا لە رێگـای زەوینی, دەریایی و ئاسمانی‌یەوە بە شێوەیەكی قاچاخ و نهێنی رەوانەی وڵاتانی دیكە دەكـرێ. كـە زۆر جـار لـە لایـەن حكوومەتەكانـەوە دەستی بە سەر دا گیراوە. بەو حاڵەش بەشـێكی بەرچـاو لـەو مـەوادده, دەگاتــە شوێنی دیاری كراو و بە پارەیەكی زۆر دەفرۆشرێ پێویستە بڵێین, هێندێك لەو وڵاتانە ناڕاستەوخۆ یارمەتی مافیا دەكەن و لە بەرامبەریش دا, لـە مافـیا بەرتیل وەردەگرن. بۆ وێنە زۆر جار بەرپرسانی دەوڵەتی وڵاتانی ئیتالیا, توركیە, كۆلومبیاو ... هتد بە هاوكاری مافیاو وەرگرتنی بەرتیل تاوانبار كراون.

مافـیا بـۆ گواسـتنەوەی مەوماددی موخەددیر بە شێوەیەكی زیرەكانە و حیرفەیی عەمەل دەكاو بەو حاڵەش زۆر جار لە لایەن وڵاتەكانەوە دەست بە سەر مەوماددەكە دادەگرن. بۆ وێنە لـە سـاڵی 1999 لـە ئـێران دا, 6 هـەزار و 30 كـیلۆ هێرۆئین, 22 هەزارو 764 كیلۆ مۆرفـین, 204 هـەزار و 485 كـیلۆ تریاك, و 18هەزارو 907 كیلۆ حەشیش دەستی بە سـەردا گـیراوە. كـە سـەرجەم دەكاتـە 253 هەزارو 275 كیلۆ مەوماددی موخەددیر. ئەو ئامـارە رەوتـی بـەرێ كـردنی مـەوماددی موخەددیـر لـە رێگـای ئێرانەوە بۆ وڵاتانی دیكە دەردەخا.

هێـندێك لـە وڵاتـانی جـیهانی سـێهەم, كـە لـە بـاری ئابووری‌یەوە, لاوازن بۆ قەرەبوو كـردنەوەی قەرزەكانـیان, رێگا بە مەعامەلەی مەوماددی موخەددیر دەدەن و لە بەرامبەریش دا, بەرتـیل و پارەیەكی زۆر لە مافیاو قاچاغچی‌یەكان وەردەگرن. تەنانەت هێندێك حیزب و

سازمان بۆ مانەوەیان لە دنیای سیاسەت و بە دەست هێنانی خەرجی بەڕێوەبەری حیزبەکەیان لە گەڵ مافیا هاوکاری دەکەن.

مافیا لە پێناو کارەکانی دا, ڕەحم بە هیچ کەس ناکاو تەنانەت ئەگەر کەسێك لە ئەندامانی خۆیان, خەیانەتیان پێ بکا بە توندترین شێوە لە بەینی دەبەن, تا ببێتە دەرسێك بۆ ئەوانی دیکەش و زۆر جاریش ئەندامانی خۆی دەکاتە قوربانی قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆی. لەو پێوەندیەدا مافیا زۆر جار بە کوشتنی منداڵان و دانانی مەوواددی موخەددیر لە نێو لەشیان دا ئەو ماددانەی گواستۆتەوە.

## جۆرەکانی مەوواددی موخەددیر

مەوواددی موخەددیر بە گشتی بە دوو دەستە دابەش دەکرێن:

1-مەوادده موخەددیرە سروشتیەکان کە هیچ چەشنە کارێکی شیمیاییان لە سەر نەکراوە و ڕاستەوخۆ ڕووەکەکەی بەکاری دێنن کە بریتین لە:

ئەلف: خەشخاش

ب: شادانە

ج: قات

د:کۆکا

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

خەشـخاش: گـیایەکی لاسـکە بـاریك و گـەلاکانی درێـژو درشتن. گولێکی سپی هەیە و بەرزایەکـەی دەگاتـە یـەك مـیتر و بـەری ئەو گیایە وەك تۆپێك وایە, کە بە دوای وەرینی گـەلاکانی دا, لـە سـەر لاسـکەی ئـەو گـیایە دەردەکـەوێ و چەند ناوی هەیە وەك: گورزی خەشـخاش, پۆشـینە, کەبسـول غـوزەی خەشـخاش و کۆکتار. لە نێو ئەو تۆپەدا, کە خانە خانەیە مەوادذێکی وردی سپی ڕەنگی تێدایە, کە دەیخۆن و ڕۆنەکەشی دەگرن. خەشخاش بە دوای کـاری شـیمیایی چـەندین ماددەی دیکەی لێ دروست دەکەن کە لە بەشەکانی دیکەدا باسیان دەکەین.

شـادانە: گـیایەکە, کـە زۆرتـر لـە گەزنـە دەچـێ و بەرزاییەکـەی دەگاتە دوو میتر و گـەلاکانی درێژن. دانەیەکی هەیە بە ئەندازەی فەندق کە ڕۆنێکی بۆن پیسی هەیە, ڕۆنەکەی دەگـرن و بـۆ کاری دروست کردنی سابوون کەڵکی لێ وەردەگرن. لە سەر شاخە گوڵدارەکانی ئـەم گـیایە بـەنگ و چەرس دروست دەکەن و ناوی حەشیش بە شاخە گوڵدارەکان و هەروەها بـەو مەوادده دەگوترێ کە لە شادانە دروست دەکرێ. لە ئەمریکای باشوور ماری جواناى پێ دەڵێن.

قـات: شـوێنی ڕووانی داری قات ئەو ناوچانەیە, کە وشکەلانین و بەرزی ئەم دارە یەك تا دوو مـیترەو لـە ناوچـە نـیوە ئیستواییەکاندا, دەگاتە شەش میتر, تەمەنی تا بیست ساڵ دەگـات و گـەلا سـەوزەکانی درێژاییان 3 تا 9 سم و پانایی‌یەکەیان 1تا5 سانتە. لێواری گـەلاکانی ڕێـك و پـێك نی‌یەو لووتکەکەی درێژە. دوای لێ کردنەوەی گەڵاو خونچە ناسك و نەگـەیوەکانی, هـەموو بەیانی‌یـەك دەسـتە دەکـرێن و بـۆ پارێـزگاری کردنیان دەخرێنە نێو توورەکەیـەکی تایـبەتی و پاشان بە فرۆش دەگات. قات بە گەرماو ویشك بوون کارایی خۆی لە دەست دەدا.

کۆکـا: ئـەم دارە کـە پێشـتر باسـمان کـرد, زۆرتر لە ئەمریکای باشوور و لە ئاوو هەوای تایـبەتی دەڕوێـت. یـەك مـیترو نـیو, بەرزایەکەیـەتی و بەشێکی زۆر لە شاخەکانی پیرۆ و بۆلـیوی پـڕە لە داری کۆکا. پێشتر خەڵکی ئەو ناوچەیە گەڵای کۆکایان بە شێوەی جووین و

مژین به كار دەهێنا. كۆكا گەڵایەكی نەرم و لووسی هەیە و بێجمی وەك هێلكە و هێشوو ئاسایە.

2-مەواددی موخەددیرە شیمیاییەكان( مەبەست ئەو مەوادانەیە كە لە ڕووەكی سروشتییەكان دروست دەكرێن).

ئەلف: ئەو مەوادانەی كە لە خەشخاش دروست دەكرێن:

1ـ تریاك: ئەو ناوە لە یونانییەوە وەرگیراوە. شیرەیەكە, لە پێستی خەشخاش دەیگرن. بۆ ئەو مەبەستە پێستی خەشخاش بە تیغێكی تیژ چەند دانەو قەڵشی لێ دەدەن, پاشان لەو قەڵشانەدا شیرەیەكی سپی دێتە دەر كە لە بەرامبەر هەوادا سفت و ڕەنگی قاوەیی دەبێ, كە پێی دەڵێن تریاك یا ئەفیون.

2ـ مۆرفین : جەوهەری تریاكە, بە كاری شیمیایی لە تریاك جیا دەكرێتەوە لە تریاك بێ ڕەنگترە, تامی تاڵەو بەكارهێنانی عەسەبەكانی بێ حس و تووش بوو خەوی لێ دەكەوێ . لە گەرمای 230 دەرەجەدا دەتوێتەوەو لە تریاك موخەددیرترە و لە كاری پزیشكی دا كەڵكی زۆری هەیە.

3ـ هێرۆئین: تۆزێكی سپییە, كە لە مۆرفین دروست دەكرێ و لە مۆرفین و كۆكائین بەهێزترە و بەكارهێنانی مەترسی زۆری هەیە. تووشبووەكان بە شێوەی بۆن كردن یا لە ڕێگای لووتیانەوە بەكاری دێنن و بە دوای ماوەیەكی كورت شوێنەوار, لە سەر تووشبووەكان دادەنێ. ناوی دیكەی هێرۆئین لە نێو تووشبووان گەردو دەوایە.




*promoting kurdish language*
© *www.dengekurd.com, 2003*

4ـ هێرۆئیـنی گـیراوە: تووشـبووان بـە مـەواد هێـندێك جار هێرۆئین و ئاو لیمۆ تێکەڵ دەکەن و گیراوەکەی بە سورەنگ لە دەمارەکانی خوێن تەزریق دەکەن.

**ئەشك خودا, کۆرك, L SD و یاپا**

ئەو چوار ماددەیە لە مۆرفین و چەند تێکەلاۆیکی شیمیایی دیکە دروست دەکرێن و هەر کامـەیان شـوێنەواری تایـبەتی لـە سـەر مرۆڤ دادەنێ و بەکارهێنانیان لە ماددەکانی دیکە مەترسی‌یان زۆرترە.

ب: شادانە

ئەو ماددانەی کە لە شادانە دروست دەکرێن:

1ـ بـەنگ: تۆزێکە لە تێکەلاۆی گەلاۆ شاخەکانی تازە گوڵدار بووی شادانە دەیگرن, کە بـە هۆی مەوادێکی سەمی کە هەیەتی وەك توتن لە سەر قلیان و دەمنە دەیرێژن و بەکاری دێـنن. دیـارە گیراوەکـەی بـەنگاوی پـێ دەڵێن کە وەك ئاو دەیخۆن و مەوادێکی لێ دروست دەکەن کە لە کاری پزیشکی دا کەڵکی لێ وەردەگرن.

2ـ چـەرس: ماددەیەکە, وەك بنێشت, موخەددیر و سەمی‌یە لە ڕووەکی شادانە دروست دەکـرێ. بۆ ئەو کارە شادانە لە نێو پارچەیەکی زبر دەگوشن تا ئەو ماددەیە لە نێو پارچەکە دێـتەدەر. چـەرس لـە گـەڵ توتـن و تـەماکۆ لـە سـەر قلیان و دەمنە (پیپ) دای دەنێن و دەیکێشن.

3ـ حەشـیش : گـیای شـادانەیە, کـە بـە دوای وشـك کردن و ئامادە کردنی بە شێوەی جۆراوجۆر دەیکێشن.

4ـ گراس: لە بەرهەمەکانی گیای شادانیە کە بەکارهێنانی هەر وەك حەشیش و بەنگ و چەرس لە گەڵ سیگار دەیکێشن.

5ـ مـاری جوانـا: گەلاێ گیایەکە بە ناوی "کانابیس ساتیوا" کە هەمان شادانەیە و لە ئەمریکای باشوور هەیەو بە شێوەی سیگار کێشان بەکاری دێنن.

ج: قـات بـەو شـێوەیە کـاری شـیمیایی لە سەر ناکرێ. هەر بۆیە جیا لە بەکار هێنانی گەڵاکـەی بـە شـێوەی جووین و جاروبـار خواردنـی پەرداخـێك ئـاو بە شوێنی دا, شێوەی بەکارهێـنانی دیکـەی نی‌یـە. قـات دەبێـتە هـۆی وریـایی و بـە توانـا بوون, هەر بۆیە بۆ بەخێرهاتـنی مـیوان و رێـز لێ نانـیان بـەکاری دێـنن. زۆرتـر لـە نـێو وڵاتـە ئەفـریقایی‌و عەرەبی‌یەکاندا بەکاری دێنن.

د: کۆکا: داری کۆکا, بە کەڵك وەرگرتن لە "پرمنگنات پتاسیوم", کۆکائینی لێ دروست دەکـەن کە تەنیا بەرهەمی ئەو دارەیە. کۆکائین ڕەنگی زەردەو لە نێو ئاوی گەرم و ئەڵکوڵ و ئـیتر حەل دەبێت. تووشبووەکان بە شێوەی تەزریق یان بۆن کردن لە ڕێگای لوتیانەوە بەکاری دێنن.

# شوێنەوار دانانی مەوادی موخەددیر لە سەر لەش

تووشـبووان بـە مـەواددی موخەددیـر ئـەو مەوادده بە دوو دەستە دابەش دەکەن و هەر کامەیان شوێنەواری تایبەتی لە سەر لەش و ڕەوانی مرۆڤ دادەنێ.

1ـ مەواددی موخەددیری مۆرفین دار.

2ـ مەواددی موخەددیری بێ مۆرفین.

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

ئـەو مەوادده‌ی کە لە خەشخاش و کۆکا دروست دەکرێن مۆرفین دارو ئەو مەوادده‌ش کە لە شادانە و قات دروست دەکرێن بێ مۆرفینن.

1ـ شوێنەواری مادده مۆرفین دارەکان:

**ئەو کەسانەی تریاك بەکار دێنن:**

ئەلف: چاویان جوان و خومار دەبێت و دائیم پڕە لە ئاوو سوور هەڵدەگەڕێ .

ب: کاتی نەشئە بوون پێیان خۆشە خۆیان بخورێنن, بە تایبەتی لووتیان و گوێچکەیان.

ج: لـە لووتـیانەوە قسـە دەکەن. ڕەنگی دەم و چاویان ڕەش هەڵدەگەڕێ و لێوەکانیان بە ڕەنگی قاوەیی هەڵدەگەرێ.

د: حەزیان لە چایی ڕەش و سیگارە, چونکە ڕادەی نەشئە بوون دەباتە سەرێ.

ه: هـێزی لـەش کـەم دەکاتـەوە, شـوێنەوار لە سەر فام و دەرکی ئینسان دادەنێ, مرۆڤ ترسـنۆك بار دێنێ و هەموو کاتێ گێژو بە بچووکترین شتێك تێك دەچێ. هەروەها مەعیدە, مەسانە, دڵ, گورچیلەو ... هتد تووشی لاوازی دەبن.

**ئەو کەسانەی مادده مۆرفین دارەکانی دیکە بەکار دێنن:**

ئـەلف ـ لـە لووتـیانەوە قسـە دەکەن, چاویان بۆ هەڵ نایەو هەست بە قورس بوونی سەر دەکەن.

ب ـ پشتی دەچەمێتەوە و لاقی دەنووشتێتەوە, کاتێك بە ڕێگادا دەڕوا لەوانەیە بکەوێ.

ت ـ عاتیفەو موحیبەت لە وجوودی دا دەمرێ و هەستی نامێنێ.

ج ـ زۆرتر حەز دەکا بە شێوەیەك دانیشێ, کە لاقی لە سەر سینگی کۆ بکاتەوە و سەری بە سەردا بگرێ.

ر ـ هـەموو کاتـێك لـە ژیـان بـێزارەو ترسنۆکە, ڕەنگی دەم و چاوی زەردو لاواز دەبێ و لەشی بە تایبەتی دەستی دەلەرزێ.

س ـ ئەعسـابی تووشـی نەخۆشـی دەبـێ و ڕەوانیان تێك دەچێ, لە قسەکردن بێزارن و قەلاڤەتیان دائیم ئاڵۆزەو لەشیان تووشی ئێش و ئازار دەبێت.

هـ ـ كاتـێك مەوادیان دەس ناكەوێ لەوانەیە شێت بن و پڕ بە دەم هاوار دەكەن و تەواوی لەشیان دەلەرزێ و ئێسكەكانیان ئێش دەكا.

تێبینـی1: بـەكار هێـنانی ئـەو مـەوادده لـە تـاقی كـردنی مـیز, پیسایی و خوێن لە تاقیگەكاندا لە تووشبووان دەردەكەوێ.

تێبینـی2: تووشبووان بۆ ئەوەی لە تاقیگەكاندا دەرنەكەوێ مەوادديان بەكار هێناوە, لە حـەبی دژی مـندالّ بوونی ئافرەتان كەلّك وەردەگرن. بەو شێوەیە بەر لە تاقی كاری دەیخۆن و پاشان ڕوو لە تاقیگەكان دەكەن.

**شوێنەواری** LSD :

حەبێكی بچووكە, كە دەبێتە چوار بەش+ ئەم ماددەیە هێزی چاو زۆر دەكا, بە چەشنێك كـە تووشـبوو بـە ئاسـانی دەتوانێ لە خۆر بڕوانێ, بەلاّم كاتی خوماری و لێ بڕانی مادده, لەشـی وەخـور بكەوێ هێندە خۆی دەخورێنێ تا پێستی لەشی بریندار دەكاو خوێنی لێ دێ. بـە هاتـنی خوێـن هەسـت بە خۆشی دەكا. ئەگەر ئەم خوماریيە درێژەی هەبێ لەشی هێندە دەخورێـنێ تـاكوو دەگاتـە ئێسـكی, بـەلاّم هەست بە ئێش و ئازار ناكا و لە دواییدا خۆی دەكوژێ.

**شوێنەواری یاپا:**

یاپا دوایین و تازەترین ماددەی موخەددیرە كە لەم دوایانەدا دروست كراوە. ئەو ماددەیە, حەبـێكی سوورە كە لە ولاّتی برمە دروست دەكرێ و بە شێوەیەكی بەربلاّو لە برمە و تایلەند بـلاّو بووەتـەوە و هـەر كەس ئەم ماددەیە بەكار بێنێ شێتی‌یەك دەیگرێ و بە خەیالّی خۆی




promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

دەبێـتە پاڵەوان و پاشاو دەتوانێ بە ئاسماندا بفڕێ. هەر بۆیە زۆر جار ڕوو لە شوێنە بەرزەکان دەکـەن و خۆیـان بەر دەدەنەوە, جاری واش هەیە بۆ ڕاگرتنی سەیارە خۆیان وەبەر دەدەن, تا سەیارەکە ڕاگرن. لە تایلەند چەند منداڵێك بە هۆی باوکەکانیانەوە کە ئەو مەوانددەیان بەکار هێناوە سەر بڕاون. شارەزایان دەڵێن ئەم ماددەیە لە هێرۆئین و کۆکائین ترسناکترە.

2ـ شوێنەواری مەوانددی بێ مۆرفین:

ئـەلف: بـە دوای بـەکار هێـنان چاویان جوان دەبێت و پشتی چاویان دادەکەوێ و خومار دەبن وکاتی نەشئە بوون چاویان سوور دەبێ.

ب: لە ژێر ڕەشکێنەی چاو, هاڵەیەکی زەرد پێك دێ.

ت: هەست بە برسیەتی و تینوویەتی دەکاو زاری ویشك دەبێ.

ج: پێی خۆشە کاتی نەشئە بوون بە تەنیا بمێنێتەوە.

س: خۆشی لە ڕەنگی ڕەش و ئاهەنگی غەمگین دێت و دڵی زۆر ناسك دەبێ.

د: لە بڕیار دان عاجزەو لە کار کردن و جم و جۆڵ بێزارە.

ر: کـاتێ پرسـیاری لێ دەکـەن بـە درەنگـەوە وەڵام دەداتەوە چونکە سلوولە کانی بەشی بیرکـردنەوە( حـافظــە)کـە کاریـان بـەرێ کـردن و وەرگرتـنی پـەیام یـان فەرمانە. دوای بەکارهێـنانی ئـەم مـەوانددە لاواز دەبـێ و دوای ماوەیـەك تووشی لەبیر چوونەوە, ناراحەتی ئەعسـاب, توندو تیژی بێ ئیرادەیی و خۆف دەبێ. بەڵام لە کاتی بەکارهێنانی نەشئە دەبێت و مێشکی زۆر بە باشی ئیش دەکاو لە ئینسانێکی ئاسایی زیاتر و زووتر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە چونکە لەم کاتەدا سلوولەکانی مێشکی لە حاڵەتی نۆرماڵ دێتە دەرو, بە شێوەی " اکتیو" کار دەکەن.

هـ: لـە کـاتی بەکارهێـنان و نەشـئە بـوون دا, زۆر جـار بـە بچـووکترین ئـیماو ئیشارە پێدەکەنن, کە ئەم پێکەنینە ئاسایی نییە.

و: لە کاتی نەشئە بوون دا, توشی خەیالاتی زۆر گەورە دەبن و بیری زۆر قووڵ دەکەنەوە.

ی: بـەكار هێـنانی ئـەم مـەوادده, رێگـا خۆشـكەری چـوونە نـێو قۆناغەكانی دیكەی ئیعتـیادەو مێشـك بـەرەو لـە بـەین چوون دەبات. ئێسكی لەش پووك و شیرەی قولاپەكانی دەسـت و لاق بـە گشـتی ئێسكەكان ویشك دەكا, بەلاّم ئەم شوێنەوارە زۆرتر لە دەم و چاودا دەردەكەوێ .

تێبینی: ئەو كەسانەی كە ئەم مەوادانە بەكار دێنێ , لە كاتی تاقی كاری میزدا, هیچ شـتێك نیشـان نـادا, چونكە تەنیا لە باری ڕەوانی‌یەوە شوێنەوار دادەنێ و تێكەڵ بە جسمی مـرۆڤ نـابێ . تووشـبووان هـەر كـات پێیان خۆش بێ نەشئە بوونەكەیان نەمێنێ ڕۆنەكەرە دەخۆن و دێنەوە سەر حاڵەتی ئاسایی.



خۆدزینەوەی تووشبووان لە كۆمەڵ



promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

# قۆناغەکانی بەکار هێنان و تووشبوون بە مەواددی موخەددیر

بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە تووشبووان کراوە بەکار هێنان و ڕاهاتن بە مەواددی موخەددیر, چوار قۆناغی هەیە کە هەر کامەیان ڕێگا خۆشکەری قۆناغەکانی دیکەیەو زیاتر لە 80٪ی تووشبووان ئەو قۆناغانە تێپەڕ دەکەن و کەمتر کەسێك هەیە بۆ یەکەم جار هێرۆئین یا کۆکائین بکار بێنێ.

## قۆناغی یەکەم:

لەم قۆناغەدا, مرۆڤ لە ڕووی نائاگاهی‌یەوە و بە هۆی ڕەفیق و دۆستی خراپەوە, ڕوو لە مادده بێ مۆرفینەکان وەك: حەشیش و گراس دەکا. بۆ یەکەم جار حاڵەتێکی زۆر خۆش نەشئەبوونی هەیە. بە دوای ماوەیەك کە ئەم مەوادده بەکار بران, هەست پێ دەکەن وەکوو پێشوو نەشئە نابن. هەر بۆیە ڕوو دەکەنە مەواددی بەهێزتر تا نەشئەیان کات لێرەدایە دەچنە نێو قۆناغی دووهەم لە ئیعتیاد.

## قۆناغی دووهەم:

لەم قۆناغەدا بە کارهێنانی تریاك دەست پێ دەکا, لە قۆناغی یەکەم واز هێنان لە مەواد ئاسانە بەلاّم لەم قۆناغەدا هەست دەکەن تووش بووەو ناتوانێ وازی لێ بێنێ. لێرەدایە کە, ڕێگا بۆ چوونە نێو قۆناغی سێهەم خۆش دەبێ, چونکە تووشبوو بە دوای ماوەیەك هەست دەکا کە تریاك وەکوو جاران نەشئەی ناکات. هەر بۆیە ڕوو لە ماددەی بەهێزتر دەکەن.

## قۆناغی سێهەم:

لـەم قۆناغــەدا تووشــبوو دەست دەکا بە بەکارهێنانی هێرۆئین و مادده مۆرفین دارەکانی دیکــەو بەرەبــەرە ئاســاری بەکارهێنانی مەواد لە سەر لەشیان دەردەکەوێ و لە کارو ژیانیان دەخــا و ئینســانێکی بــێ هەســت, بــێ عاتــیفە و تەنانــەت ترســنۆك بار دێت. هێندێك لە تووشبووان بەو شێوەیە نەشئە نابن هەر بۆیە دەچنە نێو قۆناغی چوارەم.

**قۆناغی چوارەم:**

ئــەم قۆناغـە مەترسیترین قۆناغی ئیعتیادە. تووشبووان هێرۆئین و کۆکائینی گیراوە, لە دەمارەکــانی خوێن تەزریق دەکەن. بەشێکی زۆر لە تووشبووان لەم قۆناغـەدا , گیانی خۆیان لە دەست دەدەن.

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003



ئاکامی ئیعتیاد

# بەکارهێنانی دەرمانە پزیشکییەکان

هەروەك پێشتر باس کرا, مۆرفین لە کاری پزیشکی دا کەڵکی زۆری هەیە و بۆ دەرمانی هێندێك نەخۆشی کەڵکی لێ وەردەگرن. تووشبووان کاتێك مەوادیان دەست ناکەوێ, ڕوو

دەكەنە نەخۆشخانەكان و بە بیانووی جۆراوجۆر وەك : پشت ئێشە, لاق ئێشەو خەو لێ نەكەوتن و... هتد. ئەو مەوواددە وەردەگرن و بەكاری دێنن.

لێرەدایە, كە دوكتۆرەكان دەبێ بە نسبەت ئەو دەرمانانەو نەخۆشەكان وریا بن و بە ئەندازەی پێویست ئەو دەرمانانە بدەن. ئەگەر بۆیان دەركەوت نەخۆش موعتادە, ئەو دەرمانەی پێ نەدەن.

والیۆم, دیازپام, كۆدئین و ... هتد لەو جۆرە دەرمانانەن كە مۆرفین یان هەیە.

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

# بەشی دووهەم :

## بڵاوبوونەوەی لە ئێران

# ڕادەی بڵاو بوونەوەی مەواددی موخەددی

## لە ئێران دا

چـەندین ساڵە کە مەواددی موخەددیر بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئێراندا, بڵاو بۆتەوەو ڕۆژ بـە ڕۆژیـش پـەرە دەسـتێنێ. دیـارە مـێژووی بەکارهێنانی مەواددی موخەددیر لە ئێراندا, دەگەڕێـتەوە بـۆ دەیان ساڵ پێش ئێستا, بەڵام وەك ئەم سەردەمە بەکار نەهاتووە و تەنانەت تووشبووان بە مەواددی موخەددیر زۆر کەمتر لە ئێستا بوون.

هەڵکـەوتوویی جوغرافـیایی ئـێران بـە شێوەیەکە, کە ئێران کەوتۆتە سەر ڕێگای بەڕێ کـردنی مـەواددی موخەددیر بۆ وڵاتانی دیکە بە تایبەتی ئۆرووپا. لەو پێوەندی‌یەدا لاوان و خەڵکی ئێران تێکەڵاوی موعامیلەی مەوادو بڵاوبونەوەی لە ئێران دا بوون و بەشێکی زۆر لە مەواددی موخەددیر لەو ڕێگایەوە لە ئێران دا بڵاو دەبێتەوە. هەر وەك پێشتر باس کرا 70٪ مـەواددی موخەددیری ئۆرووپا و لە سەر یەکیش یەك لە سێی مەواددی موخەددیری دنیا لە ئەفغانستان دابین دەکرێ. ئێران وڵاتێکی هاوسنووری ئەفغانستانە کە 945 کیلۆمتر پێکەوە سنووریان هەیە. مافیاو قاچاغچی‌یەکانی مەواددی موخەددیر بە کەڵك وەرگرتن لەو سنوورە دوورو درێـژە, لە ڕێگای ئێرانەوە بەشێکی زۆری ئەو مەوادده بۆ وڵاتانی دیکە بەڕێ دەکەن. ئـەو مـەواددەی کە ساڵانە لە ئێراندا دەستی بە سەردا دەگرن, ڕەوتی بەرێ کردنی مەواددی



*promoting kurdish language*
*© [www.dengekurd.com](http://www.dengekurd.com), 2003*

موخەددیـر لـە ڕێگـای ئێرانەوە بۆ ولاّتانی دیکە نیشان دەدا. ئەگەر بمانهەوێ بەراوردێك لە بەرێ کردنی مەواددی موخەددیر لە ساڵەکانی 1999 و 1998 ی زائینی بکەین, دەبینین کـە سـاڵی 99 بـە نیسـبەت ساڵی 98, 30٪ زۆری کردووە, کە ئەو بەراوردە لە هێرۆئین 100٪ بووە.

بلاّوبوونـەوەی مـەواددی موخەددیـرلە ئـێراندا بـە ڕادەیەکە, تەنانەت ڕێژیمیش ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات و هێندێ جار بۆخۆی عامیلی بلاّوکردنەوەی ئەو بەلاّیە لە ئێران دایە. "محمد فـلاح" (دبـیری سـتاد مـبارزه با مواد مخدر) لە کۆبوونەوەیەك دا وتی: لە ساڵی 1377 لە ئـێران 194 تـۆن مـەواددی موخەددیـر دەسـتی بـە سـەردا گیراوە, کە تەنیا 40٪ی ئەو مـەوادده بـۆ ولاّتـانی دیکـە بەرێ دەکرا. هەروەها, ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا وتی: تا ئێسـتا سـێ هەزار کەس لە هێزە ئینتزامی‌یەکانی ئێران بە دەس قاچاغچی‌یەکانی مەوادەوە کـوژراون. ئـەو ئامـارە ڕادەی بـلاّو بوونـەوەی مەواددی موخەددیر لە ئێران دا نیشان دەداو تەنانـەت بـێ دەسـەلاّتی هێزە ئینتزامی‌یەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر قاچاغچی‌یەکان دەردەخا. بـەو حاڵـەش کـە سالاّنە سەدان تۆن مەواد لە ئێران دەستی بە سەردا دەگرن, بە شێوەیەکی بـەربلاّو ئـەو مـەوادده لـە ڕێگـای ئـێرانەوە, بـۆ ولاّتانی دیکە بەرێ دەکرێ و تەنانەت لە ئێرانـیش دا, ڕێگـای مـەواددی موخەددیـر بـۆ نـێو شـارەکان, دێهاتەکان, شەقام, کۆلاّن, پارکـەکان و هـەروەها شوێنە ئامووزشی‌یەکان وەك: قوتابخانە و زانستگەکان دا کراوەتەوە و هیچ دەسەلاّتێکیش ناتوانێ پێشیی پێ بگرێ.

بە پێی ئامارێکی ڕەسمی کە ڕێژیم بلاّوی کردۆتەوە, لە حەشیمەتی 60میلیۆنی ئێران دا 2٪ مەواددی موخەددیر بەکار دێنن. هەروەها بە پێی سەرچاوەکانی دیکە, کە بەڕێوەبەرانی ڕێژیـم بلاّویـان کـردۆتەوە 10٪ لـە حەشیمەتی ئێران, مەواددی موخەددیر بەکار دێنن. لە لایـەکی دیکـەوە" د. انصـاری راد" سەرۆکی ڕێکخراوی " بهزستی" ڕایگەیاند, کە چوونە سـەری ژمـارەی تووشبووان بە مەواددی موخەددیر لە ئێران دا پێنج بەرابەری چوونە سەری حەشیمەتی ئێرانە. تەمەنی تووشبوان لە نێوان 18تا 45 ساڵە. سەدی 80ی تووشبووان لە

لاوان و كەسانی كەمتر لە 30 ساڵ پێك هاتوون. دیاردەیەك كە زۆرتر دەبێتە جێگای نیگەرانی ئەوەیە, جگە لەوەی ژمارەی تووشبووان تا دێ زیاتر دەبێ. تەمەنی گیرۆدە بوون بە مەوادی موخەددیر هاتۆتە خوارو تەنانەت لە بەكارهێنانی تریاك و حەشیش ڕوویان كردوەتە هێرۆئین و تەمەنی تووشبووان بە مەوادی موخەددیر لە ئێراندا گەیشتۆتە 27ساڵ. زۆربەی ئەوانەی تووشی ئەم بەڵایە دەبن لە تەمەنی 18 تا 22ساڵی فێر دەبن. ڕاستییەكی دیكەش كە لە پێوەندی لە گەڵ پەرە گرتنی تووشبووان بە مەواد لە ئێران دا, پێویستە ئیشارەی پێ بكرێ نیگەرانی لە پەرە گرتنی نەخۆشی ئەیدز لە ڕێگای تووشبووانی تەزریقییەوەیە.(ئەو كەسانەی كە مەوادی گیراوە لە دەمارەكانی خۆیان تەزریق دەكەن) دوو لە سێی تووشبووان بە مەوادی موخەددیرلە ئێران, لە ڕێگای تەزریقی مەوادەوە تووشی نەخۆشی Hiv زائد (مثبت) بوون. بە پێی ئامارێكی دیكە, لە دوو ساڵی ڕابردوو ( 77و 78) ئەو كەسانەی كە بە هۆی خواردنی مەوادی سەمی لە نەخۆشخانەی " لقمان حكیم" گیانیان لە دەس داوە 47٪ یان تریاك و مورفینیان بەكار هێناوە. كە 71٪ یان پیاو و 29٪ یان ئافرەت بوون. هەروەها بە پێی قسەكانی " بختیاری " بەرپرسی " سازمان زندانهای كشور " لە 156 هەزار بەندی یەك كە پێویستیان بە چاوەدێری دوكتور هەیە, 67٪ یان تووشبووان بە مەوادی موخەددیرن.

هەموو هاوڵاتیەكی ئێرانی دەزانێ كە زیاتر 2٪ی لاوان و خەڵكی ئێران, مەوادی موخەددیر بەكار دێنن. ئەو مەوادە لە هەموو جۆرەكانی, بە شێوەیەكی زۆر ئاسایی لە هەموو شوێنێكی ئێران دەس دەكەوێ و ئەو كەسانەی بڵاویشی دەكەنەوە, هەموویان لە نێو خەڵك دا ناسراون و بە بێ هیچ مەترسییەك درێژە بە كاری خۆیان دەدەن. تووشبووان بە




*promoting kurdish language*
© [www.dengekurd.com](http://www.dengekurd.com), 2003

مەواددی موخەددیریش بە بێ هیچ کۆسپێك ( لە سەر ڕێگایان دا) مەواددی موخەددیر بەکار دێنن. بە داخەوە بەکارهێنانی مەواددی موخەددیر تەنیا لە نێو کوڕان و پیاوان دا خولاسە نەکراوەتەوە, بەڵکوو چەند ساڵێکە ئەو دیاردە ماڵوێرانکەرە, لە نێو کچان و ئافرەتانیش دا پەرەی ئەستاندوەو بەشێکی زۆر لە کچان بەکاری دێنن و بووەتە یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی ڕۆژی وڵاتەکەمان.

بڵاوبونەوەی مەواددی موخەددیر لە ئێراندا بە چەشنێکە, کە تەنانەت ئەو شوێنانەی کە لە گەڵ دنیای دەرەوەی خۆیان دا پێوەندی‌یان نی‌یە, وەك بەندیخانە و سەربازگەکان بەکاری دێنن کە جێگای سەر سوڕمانە! بە گشتی لە ئێران دا لە هەموو شوێنێك مەواددی موخەددیر دەست دەکەوێ و بەکار هێنانی زۆر ئاسایی‌یە و هەروەها لە ڕووی روخسارو قەڵافەتی خەڵکی دەتوانین تووشبووان لە خەڵکی ئاسایی جیا بکەینەوە.

# هۆیەكانی ئالوودە بوون بە مەوادی موخەددیر

بــە پــێی لێكۆڵیــنەوە لــە تووشبووان بە مەوادی موخەددیر و هەروەها خەڵكی دیكەی ئــێران, هۆیــەكانی ئــالوودە بوون بە مەواد, دەگەڕێتەوە سەر چەند شت, كە لە ئەسڵ دا ئەو شــتانە پــێكەوە گــرێ دراون. نەبوونی ئاسۆیەكی ڕوون بۆ لاوان, بێكاری و گرانی كە كۆمەڵ بەرەو فەساد و لاڕێ دا دەبات.

بــە پــێی بەرنامــەی ئامووزشــی لــە ئــێران زۆربەی لاوان بە دوای تەواو كردنی, قۆناغی دەبیرســتان ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن و واز لە خوێندن دێنن, بە بێ ئەوەی داهاتوویەكی ڕوونــیان هــەبێ. تەنانــەت ئــەو لاوانەش كە دەرسەكانیان لە ئاستی زانستگەكان كۆتایی پێ دێــنن , بەشێكی زۆریان بە بێ ئیش و كار دەمێننەوە . لەو پێوەندیەدا" قلی شیخی" (قائم مقــام وزیر كارو امور اجتماعی) وتی: ساڵانە200 هەزار كەس لەو قوتابیانە كە كۆتایی بە خوێــندن دێــنن, بــە حەشــیمەتی بــێكاری ئــێران زیــاد دەبن, كە 100 هەزار كەسیان ئەو كەسانەن لە " دانشگاه آزاد اسلامی " كۆتایی بە خوێندن دێنن.

بــەو وەزعــە, ئەو لاوانە بە هەزار ئاوات و ئارەزوو بە نسبەت داهاتووی خۆیان دێنە نێو كۆمــەڵــێكی ئالوودە بە ئابووریيەكی لاواز و ڕێژیمێكی دواكەوتوو, كە لە سەرەوەی هەمووی گــرانی, بــێكاری و فەســاد خــۆی دەنوێنێ. ئەو لاوانە چۆن داهاتووی خۆیان دروست بكەن؟




promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

هێزی کار زۆرەو لە بەرامبەردا, کار بۆ هێزی کار زۆر کەمە, تەنانەت داهاتی ئەو کەسانەی کە کار دەکەن زۆر کەمەو پێداویستی‌یەکانی ژیانیان بۆ دابین ناکاو بە نیسبەت داهاتوویان هیوایان کەمە. بە پێی ئاماری " سازمان بهداشت جهانی" 5 میلیۆن کەس لە ئێران تووشی غەم و پەژارەی ڕووحی بوون, هەروەها 10٪ لە قوتابیان ئالۆزی فیکری و ڕەوانی‌یان هەیە. تەواوی ئەو شتانەی کە باس کران پێکەوە دەبنە هۆی بەرەو لاڕێ دا بردنی لاوان و بەشێکی زۆریان لە بەر نەبوونی ئیش و کار, ڕوو دەکەنە کاری ئازاد و قاچاخ وەك: مەعامیلەی مەوانەی موخەددیر و کڕین و فرۆشتنی شت و مەکی قاچاخ. ژیان لە ئێران دا, زۆر سەخت و دژوارە و پێداویستی‌یەکانی ژیان, زۆر گرانن و بەشێکی زۆر لەو خەڵکە بەو داهاتە کەمەی ناتوانن ژیانی خۆیان بەڕێوە بەرن. هەر بۆیە زۆربەیان چەند ئیش و کاریان ( شغل ) هەیە. باوك لە بەر گرفتەکانی ژیان ناتوانێ لە سەر تەربییەت و بارهێنانی منداڵەکانی نەقشی هەبێ. زۆربەی ژنەکانیش, شان بە شانی پیاوەکان کار دەکەن تا کەلێنێك لە کەم و کوڕی‌یەکانی ژیان پڕ بکەنەوە. زۆر کەسی دیکە لە ڕێگای نادروستەوە وەك: دزی, فەساد ( خۆفرۆشی), وەرگرتنی بەرتیل( بە تایبەتی لە ئیدارەکان), ژیانی خۆیان بەڕێوە دەبەن, ڕێژیمیش لەو پێوەندییەدا, ڕێگا چارەیەکی بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانەی کۆمەڵگای ئێرانی نی‌یەو زۆرتر لە نێو دروشمە سیاسی‌یەکانی‌دا, ماوەتەوە و لە بەر ئیختلافاتی نێوخۆیی خۆیان ئاگایان لە ژیانی خەڵکی نی‌یە.

ئەو گیروگرفتانەی, کە باس کران, هەموویان پێکەوە دەبنە هۆی پێك هاتنی نارەحەتی فیکری و ڕەوانی لە نێو خەڵکی ئێران, بە تایبەتی لاوان و شوێنەوار لە سەر هێزی کاری وڵاتەکەمان دادەنێ, کە تەمەنیان لە نێوان 18تا 45 ساڵەو بەرە بەرە تووشی فەساد و بەرەو لاڕێیان دەبات. لە گەڵ هەمووی ئەو شتانەی کە باس کران, ڕادەی بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەددیر لە ئێراندا, شوێنەوارێکی زۆری لە نێو کۆمەڵ داناوەو خەڵکیش بۆ ئەوەی لەو گیروگرفتانەی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ بێتە دەر ڕوو دەکاتە مەوادی موخەددیر. سەیر ئەوەیە لە سەر شوێنەوار دانانی مەواد لە سەر لەش و ڕەوانی ئنسان بە

باشـی ئاگـادارن, بـەو حالەش بەکاری دێنن. ئەوە لە حالێکدایە, کە بەکارهێنانی مەواددی موخەددیـری زەعـیف و لاوازی وەك: حشـیش و گـراس ڕێگـا خۆش کەری ئیعتیادەو دواتر ناتوانیٚ وازی لیٚ بێنیٚ.

بەشێکی دیکە لەو کەسانەی مەواددی موخەددیر بەکار دێنن, پوولی زۆر و ژیانی خۆش بووەتـە هۆی تێکەلاو بوونیان. ئەویش هۆی تایبەتی خۆی هەیە وەکوو: نەبوونی مودیرییەتی دروسـتی بـنەمالەیی و وەدەسـت هێـنانی ئـەو سەروەت و پوولە لە ڕێگای نادروستەوە, کە شـوێنەواری خراپ لەسەر بنەمالەکانیش دادەنیٚ. سەرپەرستی بنەمالەکانیش زۆر جار دەبنە هـۆی تـێکەلاو بوونـی کـەس و کاریان ( وەك : ژن و منداڵ). هەروەك تووشبووان و خەڵکی دیکـە دەگـێڕنەوە, زۆربەی ئەو کەسانەی کە, مەواددی موخەددیر بەکار دێنن, بۆ ئەوەی لە نـێو بنەمالەکانیان زەختیان لە سەر نەبیٚ و بتوانن درێژە بە, بەکارهێنانی مەواد بدەن, ژن و منداڵەکانیشـیان ئـالوودە بـە مەواددی موخەددیر دەکەن, تا کۆسپەکانی سەر ڕێگای بەکار هێـنانی مەواد لە نێو بنەمالەدا لابەرن. بە داخەوە لە ئێران دا بە هەزاران بنەمالەی گیرۆدە بە مەواددی موخەددیر بەرچاو دەکەویٚ.

لـە نـێو کچـانیش دا, وا بـلاو بووەتەوە کە, بەکارهێنانی گراس و حەشیش گۆیا چاویان جوان و بادامی دەکا. هەر بۆیە هێندێك لە کچانیش تووشی هەڵە دەبن و تەنیا لە بەر جوانی کـورت خایـەنی چـاویان, خۆیـان ئالوودە بە مەواددی موخەددیر دەکەن. بەشێکی دیکە لە کچـان لـە ڕێگای تێکەلاو بوون, لە گەڵ کوڕانی ئالوودە بە مەواد تووشی ئیعتیاد دەبن. بە داخەوە مەواددی موخەددیر لە نێو کچانیش دا, هەروەك کوڕان بلاو دەبێتەوە و بەشێکی زۆر لە ئافرەتان لە ڕێگای مەعـامیلەی مەواد, خەرجی بژێوەی بنەمالەکانیان وە دەست دێنن. لە




*promoting kurdish language*
© *www.dengekurd.com, 2003*

قوتابخانەو شوێنە ئاموزشی‌یەکانی کچانیش دا مەواددی موخەددیر زۆر بەربلاّو دەس دەکەوێ و تووشـــبووان بـــە ئاسایی بەکاری دێنن. یەکێك لە هۆیە سەرەکی‌یەکانی ئالوودە بوونی لاوان بە مەواددی موخەددیر لە ئێران دا, تەرخان نەکردنی ئیمکانات و سەرمایەگوزاری بۆ لاوانە. ئـیمکاناتی وەرزشـــی و تەفریحی لە قوتابخانەکان و شوێنە ئاموزشی‌یەکانی دیکە زۆر کەمەو لاوان بە حالّی خۆیان بەرەلاّ کراون. لەو پێوەندی‌یەدا لاوان ڕێنوێنی ناکرێن. تەنانەت هێندێك لـە ئۆرگانـەکانی ڕێژیـم ئـەرکی بـەرەو لاڕێ بردنی لاوانیان هەیە کە لە جێی خۆی دا باسی دەکەین.

# نەخشی کۆماری ئیسلامی،

# لە بلاو کردنەوەو پەرە پێدانی مەواددی موخەددیر

...کوچەو کۆلانێکی زۆرمان بە جێ هێشت و لە ئاکام دا, لە شەقامی " عباس آباد" بۆ لای شەقامی " بی‌سیم" بامان داوەو لەوێدا " قباد" لە تەنیشت بینایەکی ڕازاوە ماشێنەکەی ڕاگرت. بە دوای دابەزینی من و قباد.., بەرەو بیناکە وەڕێ کەوتین. قباد... لە دەرگای داو, لەوبەری دەرگاوە کەسێك لە ناو و نیشانی ئێمەی پرسی. قباد, گوتی:" کریم" لێرەدا بوو کە زانیم, ناوی نهێنی بۆ دەعوەتیەکان , "کریم"ە.

ڕۆیشتینە ژوورەوە. دەرگای سالۆنێکی گەورە, بە ڕوومان دا کرایەوە. جەماعەتێکی زۆر لەوێ دانیشتبوون. زۆربەیان مێزەر بەسەر بوون ( مەلا ) و ئاخرەکەی بە "یا الله , یاالله" ڕۆیشتینە ژوورەوە. هێشتا نەمدەزانی میوانیەکە چ ڕواڵەتێکی هەیە, زۆرتر سەیری قەلافەتەکانم دەکرد. ئاخوندێك لە بەرامبەر من دا, دانیشتبوو کە زۆر جێگای سەرنج بوو, چوونکە زۆر ڕووخۆش بوو, قباد بە منی ناساند و گوتی: ئاغای "محمدی گیلانی"یە. دواتر هەر بەو شێوەیە زۆر کەسم بەرچاو کەوت, کە نەمدەناسین بەلام " خامنەایم" ناسیەوە, چونکە زۆرم لە " روضەخوانی" دا بینی بوو. " غفاری "شم بینی بوو. " لاجوردی" یان

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

پـێم ناساند. پاش ئەم ناساندنە بوو, کە لاجوردی وتی: ئاغا! سفرەکە بڕازێننەوە. شێعرێکی خەیامی خوێندەوە و وتی: ئەبێ ساتێك بە دەستکەوت بزانین.

هـەر لـەم کاتـەدابوو, کـە مێرمنداڵێکی لەش باریك هاتە ژوورەوە, کە پێیان ناساندم, زانـیم "حسـین " کوڕەزای "خمینی"یە. هێشتا چەند ساتێك تێ نەپەڕیبوو, کە دەنگی جیڕە جیڕی تریاك لە سەر وافووردا دەستی پێ کرد. هەر لەو کاتەدا , بتڵەکانی ویسکی ئیسکاچ, جـین وکرو وودکای ئیسمیرۆنۆفی ڕوسی لە سەر مێز دانرا. من کە سەرم سووڕمابوو, سەیری مـێزەری پـیاوەکانم دەکـرد. لە "غفاری" م بیست کە وتی: عـەجەب تریاکێکی چاکە و محمد گیلانیش درێژەی پێداو وتی: پەسند کراوی سەید علی ئاغا, قسەی تێدا ناکرێ. حسین بە بێ هـیچ پێشـەکییەك, لیوانێکی لە وودکای پڕ کردو هەندێ ئاو لیمۆی تێ کردو وەك شەربەت نـای بـە سەریەوە... شەو, کاری بەشداران لە تریاکەوە, کێشرایە هێرۆئین و ئەم بەزمەش تا سـەعاتی 2ی نیوەشـەو هێشـتا هـەر بەردەوام بوو. [] ئەم ڕووداوە کە لە بیرەوەریەکانی ئەو ئەفسـەرە داهـاتووە, دەگەڕێـتەوە بۆ ساڵی 1358 و جەماعەتی بەشدار لەو میوانییەش, دامەزرێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێژیمە لە ساڵەکانی دواتر بوون. بـناغـەی ڕێژیـمێك کـە بـە تریاك و هێرۆئین و... دانرابێ, دەبێ داهاتووی چۆن بێ. تەواوی خـەڵکی ئـێران شـاهیدی زوڵـم و زۆر, کوشـتن و ئیعدام, گرتن و تەبعید و ... بوون, کە لە لایـەن ئـەو مـێزەر بە سەرانەوە بە سەر وڵاتەکەمان دا سەپاوە. ڕێژیمێك کە گرانی, فەساد و بێکاری بە دیاری بۆ گەلانی ئێران هێناوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وا نیشان دەدا کە دژ بە مەوادەی موخەددیرو بڵاو بوونەوەی لە ئـێران دایـە, هـەر بۆیـە بە پڕوپاگەندەی زۆر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن, چاپەمەنییەکان و کۆڕو کۆبوونـەوەکانی نـێو دەوڵـەتی, هـەروەها سـووتاندنی مـەواد لە بەر چاوی خەڵك و جاروبار ئـیعدامی خەڵکی بە تاوانی قاچاغی مەواد, ویستوویەتی خۆی دژ بە بەکارهێنان و قاچاخی

---

[] خاطرات تکاندهنده , یك افسر بلند پایه ایرانی

ئـەو بەلآیــە نیشــان بـدا. بــەلاّم ڕاســتی‌یەکان شــتێکی دیکــە نیشــان دەدەن و ڕێژیــم بــە کەمــتەرخەمی و بێ بەرنامەیی لە کاروباری ئابووری, خەرج کردنی داهاتی نەوت لە ڕێگای " صـدور انقــلاب" ( یارمەتی کردنی ئەحزابی ئیسلامی لە سەرتاسەری جیهان و ••• ) کە ئاکـامی بووەتــە بـێکاری و فەســاد. وەزعــێکی وای پێك هێناوە تا مەوادد‌ی موخەددیر بە ئاسـانی بێتە نێو ئێران و بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی بلاّو بێتەوەو لاوان بەکاری بێنن. بە پێی بـڕیارێك کە بەشی قەزایی ڕێژیم لە پێوەندی بە مەوادد‌ی موخەددیر دەری کردوە, هەر کەس زیاتـر لـە 5کـیلۆ تـریاك و 30 گـرم هێرۆئیــنی پــێ بێــت, حوکمــی ئیعدامی هەیەو لەوە کەمتریش زیندانی درێژخایەن و جەریمەی قورسی هەیە. هەروەها چاندنی شادانە و خەشخاش لـە ئـێران دا حوکمــی ئــیعدامی هەیە. ئەوەی ڕاستی بێ, ئەو بڕیارانە تەنیا لە چوارچێوەی دروشـم و نوسـراوەدا ماوەتەوە و بەو شێوەیە بەڕێوە نەچووە. زۆربەی ئەو کەسانەی مەوادد‌ی موخەددیـر بـلاّو دەکەنــەوە ئەفــرادو بەکرێگیراوی ڕێژیمن و لە لایەن خەڵکەوە بە تایبەتی لە کوردســتان دا ناسراون. زۆر جاریش لە لایەن هێزەکانی ڕێژیم کاتێك دەسگیر دەکرێن بە دوای ماوەیــەکی کــورت ئــازاد دەکــرێن. بــە پــێی ئامــاری ڕێژیــم, ســالآنە سەدان تۆن مەوادد‌ی مـوخەددیر لە ئێران دەستی بە سەردا دەگرن, کەوابوو دەبوایا سالاّنە هەزاران کەس بە تاوانی قاچـاخی مــەوادد‌ی موخەددیر ئیعدام بکرێن و یا زیندانی درێژخایەنیان پێ بدرێ. بەلاّم ئەو بڕیارە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە, کە لە نێو دەزگا حکومەتی‌یەکانی ڕێژیم کەس و کاریان نی‌یە, یا بەرپرسێکی ڕێژیم پشتیوانی‌یان لێ ناکا.

بەشـێك لـە بەرپرسـانی ڕێژیــم, بــە کەڵك وەرگرتن لەو بەرپرسایەتی‌یەی کە هەیانە, لە ڕێگای قاچاخی مەوادد‌ی موخەددیرەوە, پوولێکی زۆریان دەس دەکەوێ و زۆربەشیان تریاك و



... بەکار دێـنن و تەنانـەت هێندێك لە ئاخووندەکان زاهیرو ڕواڵەتیان بەکار هێنانی تریاك نیشـان دەدا. بەرپرسانی ڕێژیم بە مەبەستی وە دەست هێنانی پوولی زۆرتر بۆ بلاّو کردنەوەی مـەواددی موخەددیـر هـیچ سنوورێك ناناسن و لە هەموو دەسەلاّت و بەرپرسایەتی خۆیان, کـەڵك وەردەگرن. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراوە, لە پادگانە ئاموزشی‌یەکان مەواددی موخەددیـر لـە لایەن بەڕێوەبەران و پرسنلی پادگان لە نێو سەربازەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا دەفرۆشرێ و سەربازەکانیش بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاری دێنن. هەروەها لە بەندیخانەکانیش دا کە یەکێك لەو شوێنانەیە کە مەواددی موخەددیر بە هۆی پرسنلی بەندیخانە بلاّو دەبێتەوە و بەندیەکانـیش بە کاری دێنن تەنانەت زۆربەی بەندیەکان لە نێو بەندیخانەدا تووشی ئیعتیاد دەبـن. ئـەوە لـە حاڵـیکدایە کـە بەندیخانـە لـە گـەڵ دنـیای دەرەوەی خۆیـان هـیچ چەشنە پـێوەندی‌یەکی نی‌یـە. لە ولاّتانی دیکە بەندیخانە بووەتە شوێنێکی ئاموزشی و بەندی‌یەکان لـەو ماوەیـەدا پەروەردە دەکەن و فێری کار یا پسپۆڕی‌یەکیان دەکەن, بۆ ئەوەی لە بەندیخانە هاتـنە دەر کەسـێکی بـە کـەڵك بن بۆ کۆمەڵ. بەلاّم لە کۆماری ئیسلامی ئینسانی ساڵم بە هـۆی جۆراوجـۆر( سیاسـی, کۆمەلاّیەتی و ... ) دەچێتە بەندیخانەو بە موعتادی تەحویلی کۆمـەڵی دەدەنەوە!

ئـەو مـەواددی موخەددیـرەی کـە بـە هۆی هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستی بە سەردا دەگرن, بەشـێکی زۆری لـە لایـەن عەوامیـلی ڕێژیمەوە لە نێو کۆمەڵ دا بلاّو دەکرێتەوە. بۆ وێنە لە 194 تـۆن مـەواددی موخەددیـر کە ساڵی 1377 لە ئێران دەستی بەسەردا گیراوە, تەنیا 50 تۆنـی لـە لایـەن ڕێژیمەوە لە بەین چووەو چارەنووسی 144 تۆنەکەی دیکە ڕوون نی‌یە. تـەواوی تووشـبووان بـە مـەواددی موخەددیرو خەڵکی دیکەی ئێران, کۆماری ئیسلامی بە تاوانـباری سەرەکی دادەنێن و ڕێژیم بە ڕیگا خۆشکەری ئیعتیاد دەزانن و بە سەدان کەس لە عەوامیل و کار بەدەستانی ڕێژیم کە مەواددی موخەددیر لە نێو کۆمەڵ دا بلاّو دەکەنەوە لە نێو خەڵکی دا ناسراون.

**بە گشتی مەواددی موخەددیر لە سێ ڕێگاوە لە ئێران دا بلاّو دەکرێتەوە:**

1ـ لە ڕێگای قاچاخچی‌یانی مەواددی موخەددیر.

2ـ لە ڕێگای کاربەدەستان و بەرپرسینی دەوڵەتەوە بۆ قازانجی شەخسی خۆیان.

3ـ لـە ڕێگـای عەوامیـلی تایـبەتی ڕێژیـم , کـە دەیهەوێ بە بلاْو کردنەوەی مەواددی موخەددیر بە ئەهدافی خۆی لە نێو گەلانی ئێران بگات.

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

# ئامانجەکانی ڕێژیم
## لە بڵاو کردنەوەی مەواددی موخەددیر

هەروەك باسمان کرد, ڕێژیم بە پێی سیاسەتە چەپەڵەکانی خۆی لە ڕێگای عەوامیلی خۆیـیەوە مەواددی موخەددیر بڵاو دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە, ڕێگای بە بڵاوبونەوەی مەواد لە ڕێگاکانی دیکە داوەو هیچ چەشنە کۆسپێکیان بۆ دروست ناکا. لێرەدایە کە پرسیارێکمان بۆ دێتە پێش , کۆماری ئیسلامی لە بڵاو کردن و پەرە پێدانی مەواددی موخەددیر بە تایبەتی لە کوردستان چ قازانجێکی دەست دەکەوێ؟

بە نسبەت چارەنووسی تووشبووان بە مەواددی موخەددیرو شوێنەوار دانانی مەواد لە سەر لەش و ڕەوانیان لە بەشی یەکەم دا بە وردی باس کراوە. تووشبووان بە دوای ماوەیەکی کورت, تووشی نەخۆشی ڕەوانی دەبن و بە نسبەت ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان بێ تەفاوەت و هەروەها ئینسانێکی بێ هەست , بێ عاتیفە, بێ غیرەت, ترسنۆك و بێ تەفاوەت لە بەرامبەر مەسائیلی سیاسی و چۆنیەتی بەڕێوە بەری وڵات بار دێن. تووشبووان تەنیا فیکر و هۆشیان وە دەست هێنانی مەواددی موخەددیرە لە هەر ڕێگایەکەوە, لە دزیـیەوە بگرە, تا دەگاتە خۆ فرۆشی و خیانەت بە نەتەوەکەی و هاوکاری ڕێژیم.

بەو تێبینییانەوە کە باس کران, ڕێژیم دەیهەوێ بە بڵاو کردنەوەی مەواددی موخەددیر و ئالوودە کردنی لاوان بەو بەڵایە ڕێگای بەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانی خۆی ئاسانتر بکات و لاوان کە هێزی سەرەکی شۆرش و جوڵانەوەن, لاواز و تەنانەت بەرەو لاڕێیان دا ببات, تا ئاگایان لە چۆنیەتی بەڕێوەبەری وڵاتەکەیان نەبێ. ئەو سیاسەتەی ڕێژیم زۆرتر لە کوردستان

دا, بەڕێوە چووە و بە شێوەییەکی زۆر بەربلاو پیادە کراوە. لەو پێوەندی‌یەدا" اداره مبارزه با مواد مخدر" لە کوردستان دا بە جێی ئەوەی کە پێش بە بلاو بوونەوەو بەکار هێنانی مەواددی موخەددیر بگرێ, بە شاهیدی خەڵکی کوردستان و تووشبووان پەرەی بە بەکارهێنان و بلاو کردنەوەی ئەو مەوادده داوە و زۆربەی ئەو کەسانەی کە مەواد بلاو دەکەنەوە پێوەندی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ ئەو ئیدارەیە هەیە. ئیتلاعاتی ڕێژیم لە کوردستان یەکێکی دیکە لەو ئۆرگانانەیە کە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی, مەواددی موخەددیر بلاو دەکاتەوە و لاوان بەو مەوادده ئالودە دەکا. عەوامیلی ئیتلاعات بە دوای شناسایی و ناسینی ئەو لاوانەی کە هەستی شۆرشگێری و نەتەوەیی‌یان هەیە, لە ڕێگای عەوامیلی تایبەتی‌یەوە ئەو لاوانە تێکەلاوی مەواددی موخەددیر دەکەن و دواتریش بۆ بەرەو پێش بردنی هەمان سیاسەت کەڵکیان لێ وەردەگرێ. کۆماری ئیسلامی بۆ بەڕێوە بردنی سیاسەتەکانی خۆی تەنانەت سنوورەکانیشی بڕیوەو بە شێوەیەکی بەربلاو مەواددی موخەددیرلە کوردستانی عێراق بلاو دەکاتەوە. ئەوە لە حالێکدایە تا دەساڵ پێش لە کوردستانی عێراق مەواددی موخەددیریان نەدەناسی و ژمارەی تووشبووان لە ژمارەی قامکی دەست تێ نەدەپەڕی. لەم دوایانەدا هێرۆئینێکی زۆر لە کوردستان بە نرخێکی زۆر کەم بلاو بووەتەوە. دیارە مەبەستەکەیان ئەوەیە کە هەموو کەس بتوانێ وە دەستی بێنێ تا ڕێگای چوونە, نێو ئیعتیاد ئاسانتر بکرێ.

ڕێژیم بە کەڵك وەرگرتن لەو هەل ومەرجەی کە هاتۆتە پێش بەشێکی زۆر لە بەندی‌یەسیاسی‌یەکان و شۆڕشگێران بە تاوانی قاچاخی مەواددی موخەددیر ئیعدام دەکا, لەو کارەدا بە دوو مەبەست دەگا! هەم موخالیفینی خۆی لە ناو دەبات و هەم وا نیشان دەدا دژی




*promoting kurdish language*
© *www.dengekurd.com, 2003*

بـلاۆ کـردن و پـەرە پـێدانی ئـەو مەوواددەیـە. لەو پێوەندییەدا بەشێکی زۆر لە شۆڕشگێرە بەلووچەکانی ئێران بە ناوی قاچاخچییانی مەوواددی موخەددیر ئیعدام یا سەرکوت دەکرێن.

# دواین وتە

كۆماری ئیسلامی , یەكێك لەو حكومەتانەیە كە, بڕوای بە ئازادی و دێموكراسی نی‌یە, هەر بۆیە بۆ مانەوەی دەسەلآتەكەی, گەلانی ئێرانی خستۆتە ژێر فشارو بە هەر شێوەیەك كە بۆی بكرێ سەركوتیان دەكا. بۆ ئەو مەبەستە سەرەڕای پێك هێنانی چەندین هێزی دژی گەلی, سیاسەتێكی نوێی پێك هێناوە كە لە دنیادا وێنەی نەبوە. ئەو سیاسەتە بە ڕواڵەت هەست پێ ناكرێ, بەلاّم بە دوای ماوەیەك شوێنەواری خۆی نیشان دەدات و ئەگەر گەلانی ئێران ئاگاو وشیار نەبن, ڕێژیم بە مەبەستەكانی خۆی دەگات.

ئەو سیاسەتە هەروەك تا ئێستا باسمان كردوە, پەرە پێدانی مەواددی موخەددیر لە نێو كۆمەڵ دایە. مرۆڤی تووشبوو بە مەواددی موخەددیر, ئینسانێكی بێ هەست, بێ غیرەت, ترسنۆك و ... بار دێت. هەر كەسێكیش ئەو تایبەتمەندی‌یانەی هەبێ , مرۆڤێكی بێ كەڵك بۆ كۆمەڵ دەبێ و بۆ وە دەست هێنانی مەواددی موخەددیر, ئامادەیە هەموو چەشنە كارێك بەڕێوەبەرێ. و لێرەدایە كە ڕێژیم بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتەكانی كەڵكیان لێ وەردەگرێ.

ئەركی هەموومانە لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی ڕێژیم دەنگی ناڕەزایەتی دەر بڕین و عامیلان و بەڕێوەبەرانی ئەو كارە كە هەموویان لە نێو كۆمەڵ دا ناسراون ڕیسوا كەین و

promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2003

لاوان و خەڵکی وڵاتەکەمان بە نسبەت چارەنووسی بەکار هێنانی مەوادی موخەددیر ئاگادار بکەینەوە, تا لەوە زیاتر نەکەونە داوی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخووندی.

## سەرچاوەکان:


1ـ فرهنگ پزشکی انگلیسی ـ فارسی, دکتور محمد هوشمند ویژه

2ـ فرهنگ فارسی ـ فارسی, عمید

3ـ دانستنیهای طب قدیم و جدید, اسماعیل اژدری

4ـ جاده ابریشم, ایرین فرانك و دیوید براونستون

5ـ حسن صباح و قلعه الموت, ناصر نجمی

6ـ خاطرات تکاندەهنده یك افسر بلند پایه, به قلم شیخ علی تهرانی

7ـ اطلاعات سیاسی ـ اقتصادی, ( ژماره 164ـ 163 )

8ـ رادیو BBC, ( 80/4/5)

9ـ هفتەنامه دیدار, ژماره 33 سال 1378

10ـ روزنامه فتح, ژماره 63 سال 1378

11ـ روزنامه همشهری, ژماره 2014 سال 1378

12ـ روزنامه همشهری, ژماره 2115 سال 1379

13ـ روزنامه آفتاب, ژماره 220 سال 1379

14ـ روزنامه آفتاب, ژماره 221 سال 1379

15ـ روزنامه آفتاب, ژماره 222 سال 1379

16ـ روزنامه حیات نو, ژماره 116 سال 1379
17ـ گۆڤاری سەردەم, ژمارە 1 ساڵی 1999
18ـ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ, ژمارە 1979 ساڵی 1999
19ـ گۆڤاری خاك, ژمارە 17 ساڵی 1998
20ـ گۆڤاری گولان, ژمارە 268 ساڵی 2000
21ـ گۆڤاری گولان, ژمارە 283 ساڵی 2000
22ـ گۆڤاری گولان, ژمارە 294 ساڵی 2000
23ـ کوردستان, ژمارە 315 ساڵی 1380
24ـ لێکۆڵینەوە لە دەیان لاوی تێکەڵاو بە مەواددی موخەددیر.

DengeKurd 1993 - 2003
*promoting kurdish language*
*© www.dengekurd.com, 2003*

# نووسەر لە چەند دێرێکدا:



مهدی بەدری, لە دایك بووی 1348, خەڵکی پاوە, خوێندەواری 2ی دەبیرستان. لە ساڵی 69ەوە پێشمەرگەی حیزبەو ئێستا مامۆستای سیاسی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبە.

بەرهەمەکان:

1ـ مەواددی موخەددیرو بڵاوبوونەوەی لە ئێراندا

2ـ مێژووی جامی جیهانی فووتباڵ

3ـ سەرنووسەری گۆڤاری "ماراتون" (تا ئێستا 18 ژمارەی بڵاو کراوتەوە)

4ـ ئاوردانەوەیەك بە سەر وەرزش لە ئێرانو کوردستاندا (لە ژێر چاپ دایە)

5ـ دەیان وتاری وەرزشی و . . . هتد لە کوردستانو لاواندا

6ـ کتێبێك سەبارەت بە چۆنیەتیی تەحویل دانەوەی حەوت کادرو پێشمەرگەی حیزب بەهۆی بزووتنەوەی ئیسلامی بە کۆماری ئیسلامیو مەبەستەکانی ئەو رێژیمە لەو چوارچێوەیەدا, کە ئەگەر تەمەن مەودا بدا لە ساڵی 82 وە دەچێتە ژێر چاپ.